پەروین بۆدن: شەڕ دەکەین هەتا ئەو کاتەی تاوانبارانی کۆمەڵکوژی ڕەبەسکی سزا دەدرێن

پەروین بۆدن، هاوسەرۆکی هەدەپە لە ساڵیادی کۆمەڵکوژی گوندی ڕەبەسکی لە پەیامێکدا نوسیویەتی، "ڕەبەسکی برینێکی خوێناوی و هەرگیز لەبیر ناکرێت، شەڕ دەکەین هەتا ئەو کاتەی تاوانبارانی ئەم ڕووداوە سزا دەدرێن".

ئەمڕۆ پێنجشەممە (28ـی کانونی یەکەمی 2023)، دوازدە ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆمەڵکوژی گوندی ڕەبەسکی، کاتێک فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا کاروانێکی کەبەری گەنج و مەردمنداڵی کورد لەسەر سنووری نێوان باکوور و باشووری کوردستان بەردوومانکرد و لە ئەنجامدا 34 کەبەر گیانیان لەدەستدا.